# دیوانی سلیم برکات چاپکرا

ستۆكهۆلم: قیس قاسم

و: شێرزاد هەینی

بەرگی دیوانەکە.



بە پەیڤی پێشەکی شاعیری گەورەی عەرەب محمود درویش، پێشەکی رەخنەگری ناودار صبحي الحديدي، کۆی شیعرەکانی شاعیری سوري دانیشتووی وڵاتی سوید ( سلیم برکات ) دەرچوو، کتێبکە بە 600 لاپەرەی قەبارە ناوەندی چاپکراوە. دەزگای پەخشی عەرەبی بۆ دەراسات و بڵاوکردنەوە لە بیروت چاپی کردووە، شیعرەکانی بە گوێرەی کات و مێژووی نووسینیان ریزکراون، سەرەتا دیوانی شیعری یەکەمی بەناوی ( کل داخل سيهتف لاجلى، وكل الخارج ايضآ )، تا دوا دیوانی کە بەناوی ( المعجم ) دەرچووە.

پەیڤەکانی شاعیری گەورە محمود درویش شاهیدیەکی گەورەیە بۆ ئەو شاعیرە کوردەی بووە باوکی زۆرترین شاعیرانی عەرەب، بەپێی پێناسەکەی ئەو، درویش بۆی نووسیوە:

هەر لە سەرەتای هەفتاکانەوە کە شیعرەکانی سلیم برکات، کاروانی شیعری عەرەبی تەنیەوە، موژدەی لەدایکبوونی شیعری نوێی نوێکار پەیدابوو، شیعرەکانی ئەو بە شیعری کەسی تر ناچێت، ئەو کورە کوردە شەرمنە بەخێرایی خۆی کردە باوکی شیعرەکانمان، ئەو لە شیعری شاعیرە عەرەبەکانمان باشتر بووە باوکی شیعرمان، چونکە بە زمانێکی پاراوو نوێ و جۆشێکی بەهاژە وێنەی سەرسامی نیشان داین.

پێشەکیەکەی صبحي الحديدي دەروازەیەکی رەخنەگرانەی تێرو تەسەلی بۆ کردووە. بۆ خوێنەرانی روونکردیتەوە کەوا شیعرەکانی سلیم برکات هەنگاو بە هەنگاو پێشکەوتووە، ، جوانکاری و مەدلوولالەتەکانی بە ژیانی شاعیرە بەستاوەتەوە. ئاماژەی بە برگەیەکی قسەکانی ( ئەدونیس ) داوە، کە چۆن بەهرە لەو کەسە دیارە، کە وتبووی:

کە چامە شیعرییەکەی بەناوی ( نقابة الانساب ) تەقینەوەیەکی لەناو دمشقا بەرپاکرد، بەوە نەوەستا بە چامەی ( دینوکا بریفا ) هەژانێکی تری نایەوە... کە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری مواقف لە ساڵی 1972 شیعری سلیم برکات دەرچوو، ناوەکەی و چامەکەی ئاسایی نەبوو، زۆر بەهێزەوە، شوێنەواری دروستکرد، لە ناو دڵی بیروتی پایتەختی هەموو نوێکارییەکان، هەموو بەربەستەکانی پێش خۆی راماڵی، ئەو شاعیرە ( بە زمانێکی کوشندەی نائاسایی ) هەتە بیستن، بەڵام بە بابەتێکی کوردی، لە مێژوو و جوگرافیاو حکایەت و ئەفسانەوە، لای کەس شاراوە نەبوو کە ئەو دەمانە ئەدونیسی سەرنووسەری گۆڤارەکەو کەسانی تریش ئەو چامەیان وەک زووتریش چامەکانی تریان لە ئامێزگرتبوو، وەک دەنگێکی نوێ نەبوو و بەس، بەڵکو ئەو وەک زوو وەک دەنگێکی بزۆزی خێراو تیژبرۆو کەرتکەر ناسرا.

---

لە رۆژنامەی الاتحادی الامارات لە 08102007